هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانیی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیەكانیی سلێمانی
بەشی گرێبەستە گشتیەكان

Kurdistan Region-Iraq
Council Of Ministers
Ministry Municipality & Tourism
General Directorate of Sulaimanya Municipalities

آقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
المديرية العامة لبلديات السليمانية
قسم العقود العامة

Sulaimani Municipality

| ڕێكەوت: | ٢٧٢٤ | كوردی |
| --- | --- | --- |
| ٢٨ | خەرمانان | |

ژمارە: ٢٠٠/ ١١٧٦٤

بەروار: ٢٠٢٤/٠٨/١٩

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی
کارگێڕی و خزیەتی / هۆبەی دەرچوو
بەروار : ١٩ / ٠٨ / ٢٠٢٤

## بۆ/ گشت شارەوانیەكانی سەربە بەڕێوبەرایەتی گشتیمان

## بابەت/ گشتاندن

هاوپێچ وێنەیەك لە نوسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتی گوزار بە نوسراویان ژمارە (٧٥٢) لە ٢٠٢٤/٧/٢١ تان بۆ دەنێرین ئاماژە بە نوسراوەكانیان ژمارە(٤٤٣) لە ٢٠٢٢/٦/٢٧ و ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢٣/١/٣١ و ژمارە (١٦٨) لە ٢٠٢٣/٣/١٤ و ژمارە (٢٤١) لە ٢٠٢٣/٥/١٠ كە ئاراستەی نوسینگەی ڕێزدار جەنابی سەرۆك وەزیران و سەرۆكایەتی دیوان كراون سەباەت بە پێشنیارەكانیان بۆ ڕێكخستنەوەی داهات و چارەسەری كێشەی موڵكەكانی حكومەت و چارەسەری گرفتەكانی هاوڵاتیان.ئاماژە بە نوسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆكایەتی دیوان بەژمارە(٩٤٣٠) لە ٢٠٢٤/٧/٢٤ ڕەزامەندی ڕێزدار جەنابی سەرۆك وەزیران وەرگیرا بەپەسەندكردنی (مەرج و ڕێكارەكانی تایبەت بە چارەسەر كردنی گرفتەكانی موڵكە بەكرێدراوەكان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار) بۆ ئاگاداری و كاری پێویست .

...لەگەڵ ڕێزدا...

*هاوپێچ /نوسراوەكانی بەژمارە لەسەرەوە*

ئەندازیار
كمال مصطفى سعيد
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكان
٢٠٢٤ /٨/ ٢١

**وێنەیەك بۆ//**

- هۆبەی ڕاگەیاندن / بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا..
- بەشی ژمێریاری / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
- بەشی پلاندانان و بەدواداچوون / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
- بەشی كاروباری یاسایی / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ..
- بەشی موڵكایەتی و زەوی و زار / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
- بەشی نەخشەی بنەڕەتی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
- بەشی گرێبەستە گشتی یەكان / لەگەڵ بەراییەكان ..
- دۆسیەی گشتی

ناونیشان – سلێمانی /بەختیاری /پشت بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی:
ژمارەی تەلەفون: (٣١٩٥١٥٨) (٣١٨٧٦٦٤)
Email:b.gsh.sulaymany@gmail.com

heshw

بەشیو

١٢:٤٠:٢٣ PM

حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government - Iraq
Ministry of Municipality & Tourism
Minister's Office

ژمارە: ٧٥٢

ڕێكەوت: ٢٠٢٤/٧/٢٨

بۆ/ دەستەی گەشتوگوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەكانی( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، سۆران، ڕاپەڕین، زاخۆ، گەرمیان)

سەرۆكایەتی شارەوانی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، كەلار، زاخۆ، سۆران، ڕانیە)

بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ڕاپەڕین،گەرمیان، زاخۆ، سۆران)

بابەت/ گشتاندن

ئاماژە بە نووسراوەكانمان ژمارە (٤٤٣ لە ٢٠٢٢/٦/٢٧) و ژمارە (٥٢ لە ٢٠٢٣/١/٣١) و ژمارە (١٦٨ لە ٢٠٢٣/٣/١٤) و ژمارە (٢٤١ لە ٢٠٢٣/٥/١٠) كە ئاڕاستەی نووسینگەی ڕێزدار جەنابی سەرۆك وەزیران و سەرۆكایەتی دیوان كراون سەبارەت بە پێشنیارەكانمان بۆ ڕێكخستنەوەی داهات و چارەسەری كێشەی موڵكەكانی حكومەت و چارەسەری گرفتەكانی هاووڵاتیان.

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆكایەتی دیوان ژمارە (٩٤٣٠ لە ٢٠٢٤/٧/٢٤) ڕەزامەندی ڕێزدار.جەنابی سەرۆك وەزیران وەرگیرا بە پەسندكردنی (مەرج و ڕێكارەكانی تایبەت بە چارەسەركردنی گرفتەكانی موڵكە بەكرێدراوەكان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار).

بفەرموون بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:

- (مەرج و ڕێكارەكانی تایبەت بە چارەسەركردنی گرفتەكانی موڵكە بەكرێدراوەكان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار).

ساسان عەونی

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

٢٠٢٤/٧/

١٠:٥٧:١٠ AM

lana

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومـەنی وەزیـران
وەزارەتی شـارەوانی و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجــلـس الــوزراء
وزارة البـلديات والسياحة
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Municipality & Tourism
Minister's Office

ژمارە: ٧٥٢

ڕێکەوت: ٢٨ / ٧ / ٢٠٢٤

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
نووسینگەی تایبەت
دەرچوو
Ministry of Municipalitiy & Tourism

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی ڕێزدار جەنابی سەرۆك وەزیران/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ئاماژە بە نووسراوی بەڕێزتان لەسەرەوە/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی وەزیر.
- نووسینگەی بەڕێز بریکار/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکارانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

# (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار)

# ( مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار)

(٢٠٢٤)

## ناوەڕۆک


بەشی یەکەم/ پێشەکی و زاراوەکان.

بەشی دووەم/ مەرج و ڕێکارەکانی چارەسەری گرفتەکانی ئەو موڵکانەی بەکرێ دراون.

بەشی سێیەم/ پرۆسەی بەکرێدانی ئەو موڵکانەی لە دوای دەرچوونی ئەم مەرج و ڕێکارانەوە بەکرێ دەدرێن.

بەشی چوارەم/ تێکدان و سەرلەنوێ دروستکردنەوە.

بەشی پێنجەم / حوکمە گشتییەکان.

**بەشی یەکەم/ پێشەکی و زاراوەکان**

**پێشەکی:**

موڵکە بەکرێدراوەکان، بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەژمار دەکرێن، پاڵپشت بە یاسای داهاتەکانی شارەوانییەکان ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ی هەموارکراو و یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١). دۆخی ئەو موڵکانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دۆخی داهات و بەرژەوەندیی گشتی دەبێت.

لە ساڵانی ڕابردوودا، شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت، ڕووبەڕووی چەندین گرفت بوونەتەوە و ئێستاش هەزاران گرفتی کەڵەکەبووی ئەو موڵکانە ڕووبەڕووی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بوونەتەوە و شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت و کرێگرتەکان بەردەوام داوای چارەسەری ئەو گرفتانەیان کردووە.

لە باری شوێن (واقع الحال)دا، بەشێکی زۆر لە موڵکە بەکرێدراوەکان مەبەستی بەکرێدانی گرێبەستەکانیان گۆڕیوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەندێکیان بەکارهێنانی دیکەشیان زیاد کردووە و هەیانە پێکهاتەشی زیاد کردووە، هەروەک پێشبینی دەکرێت ئەو گۆڕانکارییانە لە داهاتووشدا ڕوو بدەنەوە، بەهۆی گۆڕانی سەردەم و نەمانی کەڵکی ئابووریی مەبەستی بەکرێدانی گرێبەستەکان. بۆیە تەنانەت ئەگەر ئەو گرفتانە لە داهاتوودا چارەسەریش بکرێن، ئەو گرێبەستانە لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی هەمان گرفتەکانی واقع حالی ئێستادا دەبن.

ئەم دۆخەی ئێستا، گرفتی گەورەی بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەتمان و ئەنجومەنی وەزیران دروست کردووە، بەشێوەیەك کاریگەریی لەسەر دروستبوون و زیادبوونی ڕۆتینی ڕۆژانە و زیانگەیاندن بە داهاتەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی تری وەزارەت و سامانی گشتی هەبووە.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کەڵەکەبووانە لە لایەک و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەیان و بنبڕکردنیان لە داهاتوودا لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، هەروەک لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (١١ ئاداری ٢٠٢٣) تایبەت بە ڕێکخستنەوەی داهات و دەسەڵاتەکان، بڕیارماندا بە دەرکردنی (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار).

زاراوە و پێناسەکان:

١/ موڵکە بەکرێدراوەکان: مەبەست لەو موڵکانەیە کە بەشێوەی گرێبەستی بەکرێدان یان بە گرێبەستی بانەوانی (موساتەحە) بەکرێ دراون، جگە لە گرێبەستە پیشەسازی و پیشەوەرییەکان.

٢/ مەبەستی بەکرێدان: بریتییە لە مەبەستی بەکارهێنان کە لە گرێبەستدا هاتووە.

٣/ گۆڕینی مەبەستی بەکرێدان: بریتییە لە گۆڕینی مەبەستی بەکرێدان کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

٤/ زیادکردنی مەبەستی بەکرێدان: بریتییە لە زیادکردنی بەکارهێنانی (مەبەستێک)ی تر بۆ مەبەستی هاتوو لە گرێبەستەکەدا.

٥/ زیادکردنی پێکهاتەی بینا: واتە زیادکردنی پێکهاتەیەک بەدەر لەو پێکهاتانەی لە نەخشەی پەسەندکراوی مۆڵەتی بینادا هاتووە.

بەشی دووەم/ مەرج و ڕێکارەکانی چارەسەری گرفتەکانی ئەو موڵکانەی بەکرێ دراون:

١/ ئەو موڵکانەی کە بەکرێدراون و مەبەستی بەکرێدانیان لە باری شوێندا (واقع حال) گۆڕدراون بە بەراورد بە مەبەستی بەکرێدانی گرێبەستی واژووکراو، مەبەستی تریان زیاد کردووە، واتە بۆ زیاتر لە یەک مەبەست موڵکەکە بەکاردەهێنێدرێت، یان پێکهاتەی بینایان زیادکردووە بە بەراورد بە نەخشەی پەسەندکراو، بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین گرفتی کەڵەکەبووی یاسایی و پلانسازی و زیانگەیاندن بە سامانی گشتی، هەر بۆیە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی گەشتوگوزار و فەرمانگەکانی تری وەزارەتمان پابەند دەکرێن بە جێبەجێکردنی ئەو مەرج و ڕێکارانەی خوارەوە:

أ- سەرەتا پێویستە ڕای پلانسازی لەسەر بەکارهێنانەکەی (واقع حال) وەربگیرێت.

ب- ئەگەر بەکارهێنانەکە بە پێی ڕای پلانسازی گونجاو بوو، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت کە پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (٣٠٪)ی کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت.

ج- ئەگەر مەبەستی بەکرێدان نەگۆڕدرابوو، بەڵام بەکارهێنانی تری زیاد کردبوو واتە جگە لە مەبەستی بەکرێدان، مەبەستی دیکەشی زیاد کردبوو، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (١٠٪)ی کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت.

د- ئەگەر بە بەراورد بە نەخشەی پەسەندکراو پێکهاتەی بینای زیاد کردبوو، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێی ساڵانەکەی بە ڕێژەیەک لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە بە گوێرەی ڕێژەی زیادکردنی پێکهاتەکان، زیاد بکرێت.

هـ- لەکاتی بەدیکردنی دوو یان هەر سێ برگەی (ب-ج-د)ی سەرەوە لە یەک کاتدا، واتە بۆ نموونە (کرێگرتەیەک لە یەک کاتدا هەم مەبەستی گۆڕیبوو، هەم پێکهاتەی بینای زیادکردبوو، هەم بۆ زیاتر لە مەبەستێک بەکاری هێنابوو)، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (٥٠٪)ی کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت.

و- ئەگەر کرێگرتەیەک گرێبەستەکەی دابەش دوو یان زیاتر کردبوو، دەتوانێت داوای گرێبەستی سەربەخۆ بۆ هەر بەشێک بکات، یان ئەگەر شارەوانی تێبینی کرد گرێبەستێک بۆ زیاتر لە یەک بەش دابەش کراوە، دەتوانێت کرێگرتە بە جیاکردنەوەی گرێبەستەکان بۆ هەر بەشێک پابەند بکات، بەمەرجێک خەمڵاندنی نوێ بۆ گرێبەستی هەربەشێکیان بکرێت لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ڕووبەرەکەی گونجاو بێت و بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم بێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر کرێگرتە پابەند نەبوو، پێویستە ڕێکاری یاسایی لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی گرێبەست و یاسا بەرکارەکان لەبەرمەبەردا بگیرێتەبەر.

ز- دوای جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی هاتوو لە خاڵی (١) لە برگەکانی (آ تاوەکو و)، بەمەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز دەکرێتەوە.

٢/ ئەگەر مەبەستی بەکارهێنانێک لە باری شوێند (واقع حال)دا گۆڕدرابوو یان پێکهاتەی زیاد کردبوو، بەڵام لە ڕای پلانسازی ئەو گۆڕانکارییانە بە گونجاو نەزانرا، ئەم ڕێکارانە بگیرێنە بەر:

آ- لەلایەن شارەوانی یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەست، پێشنیاری گونجاوترین بەکارهێنانی بۆ بکرێت و ڕای پلانسازی لەسەر وەربگیرێت کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕێکخستنی داهات هەبێت.

ب- ڕەزامەندیی پلانسازی لەسەر بەکارهێنانە نوێیەکە وەربگیرێت.

ج- پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکرێت و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (٣٠٪)ی کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت، لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە زیاد بکرێت.

د- دوای جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی هاتوو لە خاڵی (٢) لە بڕگەکانی (آ تاوەکو ج)، بەمەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز دەکرێتەوە.

٣/ ئەگەر کرێگرتەیەک لە واقع حالدا مەبەستی بەکارهێنانی گرێبەستەکەی گۆڕیبوو، یان مەبەستی تری زیادکردبوو یان پێکهاتەی بینای زیادکردبوو، بەڵام پابەند نەبوو بەو دەستپێشخەرییانەی وەزارەتی شارەوانی و گوشتوگوزار کە لەم (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار)دا هاتوون بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی، ئەوا ڕێکاری یاسایی بە پێی ناوەڕۆکی گرێبەست و یاسا بەرکارەکان لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر.

٤/ سەبارەت بەو گرێبەستانەی کە لەئێستادا گرفتیان نییە بەڵام کرێگرتەکانیان خوازیارن مەبەستی بەکرێدانی گرێبەستەکانیان بگۆڕن، دەکرێت کرێگرتە داواکاری بۆ گۆڕینی مەبەستی گرێبەستەکەی پێشکەش بکات بە ڕەزامەندی لایەنی یەکەم و دوای وەرگرتنی ڕای پلانسازی لەسەر گونجاویی ئەو بەکارهێنانەی کە داوای کردووە، بە مەرجێک لایەنی کەم پێنج ساڵ بەسەر ماوەی گرێبەستەکەی تێپەڕ بووبێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت کە پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (٣٠٪)ی کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت. دواتر بەمەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز بکرێتەوە. دوای پەسەندکردنی مامەڵەکە، ئینجا شارەوانی یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەست دەتوانێت پێداچوونەوە بە گرێبەستەکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەستەوە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٥/ کرێگرتە بۆی هەیە بۆ زیادکردنی مەبەستی بەکارهێنان بۆ گرێبەستەکەی داواکاری پێشکەش بکات، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و دوای وەرگرتنی ڕای پلانسازی لەسەر گونجاویی ئەو بەکارهێنانەی کە داوای زیادکردنی کردووە، بە مەرجێک بەلایەنی کەم پێنج ساڵ بەسەر ماوەی گرێبەستەکەی تێپەڕ بووبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک کە لە (١٠٪) کرێی ساڵانەکەی کەمتر نەبێت لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت. دواتر بەمەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز بکرێتەوە. دوای پەسەندکردنی مامەڵەکە، ئینجا شارەوانی یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەست دەتوانێت پێداچوونەوە بە گرێبەستەکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەستەوە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٦/ کرێگرتە بۆی هەیە بۆ زیادکردنی پێکهاتەی بینا داواکاری پێشکەش بکات، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و دوای وەرگرتنی ڕای پلانسازی لەسەر گونجاویی ئەو زیادکردنەی کە داوای دەکات، بە مەرجێک لانی کەم پێنج ساڵ بەسەر ماوەی گرێبەستەکەی تێپەڕ بووبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەستەکە بکەن و کرێیەکەی بە ڕێژەیەک لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە بە گوێرەی ڕێژەی

زیادکردنی پێکهاتەکان، زیاد بکرێت. دواتر بەمەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز بکرێتەوە. دوای پەســەندکردنی مامەڵەکە، ئینجا شــارەوانی یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەســت دەتوانێت پێداچوونەوە بە گرێبەستەکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەستەوە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٧/ کرێگرتە بۆی هەیە بۆ زیاتر لە یەکێک لە خاڵەکانی (٦،٥،٤)ی سەرەوە داواکاری پێشــکەش بکات، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و دوای وەرگرتنی ڕای پلانسازی لەســەر گونجاویی داواکارییەکەی، بە مەرجێک لانی کەم پێنج ساڵ بەسەر ماوەی گرێبەستەکەی تێپەڕ بووبێت. لەو حاڵەتەدا، پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ گرێبەســـتەکە بکەن و کرێیەکەی لە لایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە زیاد بکرێت بە مەرجێک لە ڕێژەی (٥٠٪) کرێی ســاڵانەی گرێبەســتەکە کەمتر نەبێت. دواتر بەمەبەســتی پەســەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، بۆ وەزارەت بەرز بکرێتەوە. دوای پەســـەندکردنی مامەڵەکە، ئینجا شــارەوانی یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەســـت دەتوانێت پێداچوونەوە بە گرێبەســـتەکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشــکۆی گرێبەستەوە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**بەشی سێیەم/ پرۆسەی بەکرێدانی ئەو موڵکانەی لە دوای دەرچوونی ئەم مەرج و ڕێکارانەوە بەکرێ دەدرێن:**

بۆ ئەوەی چیتر ڕووبەڕووی ئەو جۆرە گرفتە کەڵەکەبووانە نەبینەوە کە لە واقع حاڵدا هەن و چەندین ساڵە بەردەوام لە زیادبووندان، گرنگە لە بنەڕەتدا سەرچاوە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێن، بۆ ئەو مەبەستە سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پابەند دەکرێن بە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

١/پێویستە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) وەکو خۆی جێبەجێبکرێت.

٢/ بەر لە ئەنجامدانی بانگەواز بۆ بەکرێدان، پێویستە لەسەر شارەوانی یان هەر فەرمانگەیەکی تری وەزارەت، ڕای پلانسازی وەربگرێت لەسەر ئەو موڵکەی کە دەیەوێت بە کرێی بدات، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو بەکارهێنانانەی کە لەگەڵ ئەم پارچە زەوییەدا ناگونجێن.

٣/ لە کاتی بانگەواز بۆ بەکرێدانی موڵکەکە، ئاماژە بکرێت ئەو موڵکە جگە لەو بەکارهێنانانە کە لە ڕای پلانسازی دیاری کراوە، بۆ سەرجەم بەکارهێنانەکانی تر دەگونجێت و بۆ یەکەم بەکرێدان ئەو بەکارهێنانە هەڵبژێردرێت کە گونجاوترینە و پێویستی سنوورەکەیە و پێشبینی دەکرێت زۆرترین کرێ لە پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرادا بەدەست بهێنێت. هەروەک ئاماژە بدرێت کە دەتواندرێت لە داهاتوودا داوای گۆڕانکاری بکرێت بۆ بەکارهێنانە گونجاوەکان، بەمەرجێک بە لایەنی کەم ماوەی پێنج ساڵ بەسەر گرێبەستەکەدا تێپەڕ بێت.

٤/ ڕوونکردنەوەی تەواو بدرێت لەسەر ئەم شێوازەی بەکرێدان و مەبەستی بەکرێدان و ناوەڕۆکی گرێبەست، هەم لە کاتی بانگەواز و هەم لە کاتی پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرادا بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی هەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووان و دەرفەتی کێبڕکێی زیاتر بڕەخسێندرێت.

٥/ لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست، خاڵی تایبەت هەبێت بەوەی کرێگرتە دەتوانێت داوای گۆڕینی مەبەستی گرێبەستەکەی بکات بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی هاتوو لە بەشی دووەم خاڵی (٤).

٦/ لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست، خاڵی تایبەت هەبێت بەوەی کرێگرتە دەتوانێت داوای زیادکردنی مەبەستی بەکارهێنان بکات، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی هاتوو لە بەشی دووەم خاڵی (٥).

٧/ لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست، خاڵی تایبەت هەبێت بەوەی کرێگرتە دەتوانێت داوای زیادکردنی پێکهاتەی بینا بکات، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی هاتوو لە بەشی دووەم خاڵی (٦).

٨/ لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست، خاڵی تایبەت هەبێت بەوەی کرێگرتە دەتوانێت داوای زیاتر لە یەک خاڵ لە خاڵەکانی (٧،٦،٥) یان هەر سێکیان بکات لە هەمان کاتدا، بە ڕەزامەندیی لایەنی یەکەم و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی هاتوو لە بەشی دووەم خاڵی (٧).

**بەشی چوارەم / تێکدان و سەرلەنوێ دروستکردنەوە:**

١/ بە مەبەستی زیادکردنی بەهای موڵکەکانی شارەوانی و فەرمانگەکانی وەزارەت، بۆ لەمەودوا ڕێگە دەدرێت بە ڕووخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو موڵکانەی کە لەناو گەرەک و شەقامەکاندا دروست کراون، کە شێوازی دیزاین و کوالێتیان لەگەڵ دۆخی ئێستادا ناگونجێت و بووەتە هۆی ئەوەی بەهایان کەم ببێتەوە بەشێوەیەک کە بەکرێ ناچن یان بە کرێیەکی کەمی ساڵانە بە کرێ دەچن، بۆ ئەو مەبەستە و لە کاتی بەدیکردنیان، شارەوانی پەیوەندیدار دەتوانێت دیراسەی ئەو حاڵەتانە بکات و لە چوارچێوەی پرۆپۆزەڵێک پێشکەش بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری بکات بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری، هەروەک پرۆپۆزەڵەکە پێویستە لایەنی کەم ئەو خاڵانە لەخۆبگرێت (دۆخی ئێستای پێکهاتەی بیناکە، بیرۆکەی ئەو دیزاینەی دەیانەوێت دروستی بکەن، نرخی بەکرێدانی دەوروبەری، پێشبینیی زیادبوونی کرێ و هەر خاڵێکی تر کە پێویست بێت).

٢/ کرێگرتە (مساطح) دەتوانێت داوای ڕووخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوە بکات بە بوونی هۆکارێکی ڕازیکەر، بە مەرجێک پرۆپۆزەڵێک پێشکەشی شارەوانیی پەیوەندیدار بکات و شارەوانیی پەیوەندیدار ڕای خۆی لەسەر پرۆپۆزەڵەکە بدات و بەرزی بکاتەوە بۆ وەزارەت بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری، هەم بۆ ڕێگەپێدانی ڕووخاندن و دروستکردنەوە، هەم بۆ زیادکردنی کرێی ساڵانەکەی. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بە

لایەنی کەم مەرجە (٥) ساڵ لە ماوەی گرێبەستەکەی مابێت و کرێگرتە بەڵێن بدات کە لە داهاتوودا داوای درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەستەکەی نەکات.

٣/ ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەو شوێنانە ناگرێتەوە کە بەهای شوێنەواری و کەلەپووری و تایبەتمەندیی تریان هەیە.

بەشی پێنجەم/ حوکمە گشتییەکان

١/ پێویستە لەسەر (بەڕێوەبەرایەتیی نەخشەدانانی ناوەدانی پەیوەندیدار) لە کاتی دەربڕینی ڕای پلانسازی، بەرژەوەندیی حکومەت لەبەرچاو بگرێت، ئەو موڵکانە هی حکومەتن و ئەوەندەی بکرێت پێویستە بەهایان بەرز بکرێتەوە کە سوودی دەبێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی و زیادکردنی داهاتی گشتی و لە ئەنجامدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بە هاوولاتیانی سنوورەکە.

٢/ ئەگەر گرێبەستێک مەبەستی بەکرێدانەکەی گۆڕابوو بۆمەبەستێک کەڵکە ئابوورییەکەی زۆر بەرز بوو، ئەو ڕێژانەی کە لە بەشەکانی سەرەوەدا دیاری کراون گونجاو نەبوون، ئەوا لیژنەی خەمڵاندن بۆی هەیە کرێی ساڵانەکە بۆ هەر ڕێژەیەک کە بەگونجاوی دەزانێت، زیاد بکات. واتە ئەو حاڵەتانە لە خاڵەکانی سەرەوە بەدەر دەکرێن.

٣/ سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوو دەدەن، پێویستە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەستەوە ڕێک بخرێن.

٤/ گۆڕینی مەبەستی بەکرێدان لە سێکتەری گەشتوگوزاردا، پێویستە بۆ مەبەستێک بێت لە چوارچێوەی سێکتەرەکەدا بێت، واتە نابێت بۆ مەبەستێک بگۆڕدرێت کە لە دەرەوەی کاری سێکتەرەکە بێت.

٥/ پێویستە هەر پێنج ساڵ جارێک پێداچوونەوە بە کرێی ساڵانەی سەرجەم گرێبەستەکانی بانەوانی (مساتحە) بکرێتەوە لەسەر بنەمای یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) و ڕێنمایی دارایی.

٦/ هەر گرێبەستێک ئەگەر مۆڵەتی بینای نەبێت، پێویستە لە کەمترین ماوەدا کرێگرتە پابەند بکرێت بە دەرهێنانی مۆڵەت، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر.

٧/ ئەو گرێبەستانەی کە مۆڵەتیان هەیە بەڵام گۆڕانکاریان کردووە و بە پاشکۆی گرێبەست بۆیان چارەسەر دەکرێت ئەوا پێویستە مۆڵەتی بیناکەیان هەموار بکەنەوە و بۆ ئەو بەشانەی کە زیادیان کردووە ڕسووماتیان

لێ وەربگیرێت و هەمان ڕێکار بۆ ئەو گرێبەستانەی کە لە داهاتوودا بە ڕەزامەندیی شارەوانی پێکهاتە زیاد دەکەن، بگیرێتە بەر.

٨/ پێویستە پشکنین بۆ سەرجەم موڵکە بەکرێدراوەکان بکرێت و لیژنەی تایبەتمەندی بۆ پێک بهێندرێت (لیژنەیەک یان زیاتر بەپێی ژمارەی گرێبەستەکان)، هەروەک لیژنەی تایبەتمەند پێویستە بەپێی فۆرمی پشکنینی تایبەت کە پاشکۆی ئەم (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) کارەکانیان ئەنجام بدەن و مانگانە ڕاپۆرتی کارەکانیان بۆ سەرۆکی فەرمانگەکەیان بەرز بکەنەوە.

٩/ ئەگەر دەرکەوت لە باری شوێندا (واقع حال) گرێبەستێک زیاتر لە ڕووبەری خۆی بەکار هێناوە، ئەوا:

أ- ئەگەر ئەو ڕووبەرەی بە زیادە بەکاری هێناوە پێکهاتەی بینای لەسەر دروست نەکردبێت و گونجاو بێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکرێ بدرێت، ئەوا کرێی هاوتای ئەو ماوەیەی لێوەربگیرێت کە بەکاری هێناوە و دواتر بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەکرێ بدرێتەوە.

ب- ئەگەر ئەو ڕووبەرەی بە زیادە بەکاری هێناوە پێکهاتەی بینای لەسەر دروست کرابوو یان هیچ دەرچەیەکی نەبوو یان ڕووبەرەکە زۆر کەم بوو یان بە هەر هۆکارێکی تر گونجاو نەبوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکرێ بدرێت، ئەوا کرێی هاوتای ئەو ماوەیەی لێوەربگیرێت کە بەکاری هێناوە و دواتر ڕووبەرە زیادەکە بخرێتە سەر ڕووبەری گرێبەستەکەی و کرێی ساڵانەکەی بە گوێرەی ڕووبەری زیادکراو لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە، زیاد بکرێت.

١٠/ لیژنەی باڵای بەدواداچوون بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەم (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) لەسەر ئاستی وەزارەت پێک دەهێندرێت بە بەشداریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو وەزارەت، کە ئەرکیان بەدواداچوون دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم مەرج و ڕێکارانە و پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ لیژنەکانی بەدواداچوونی شارەوانییەکان و فەرمانگەکان دەبێت و سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتی شیکاریی مانگانە لەسەر کار و چالاکییەکانیان تایبەت بەجێبەجێکردنی ئەو مەرج و ڕێکارانە و هەڵسەنگاندنی ئاستی پابەندبوونی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی تر، پێشکەش بە وەزیر دەکەن.

١١/ پێویستە شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی تری وەزارەت، مانگانە ڕاپۆرتی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەم (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) بەپێی فۆرمی تایبەت بە ڕاپۆرتی مانگانە کە پاشکۆی ئەم مەرج و ڕێکارانەیە، بۆ وەزارەت بەرز بکەنەوە.

١٢/ ڕاسپاردنی سەرجەم شارەوانییەکان بۆ کارکردن بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٤٣٩ لە ٢٠١٨/١١/١٩) تایبەت بە پێکهاتە بازرگانی و خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژە نیشتەجێکان.

١٣/ ڕاسپاردنی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت بە کارکردن بە (سیستەمی ئەلیکترۆنیی بەڕێوەبردنی موڵکە بەکرێدراوەکان)ی وەزارەت.

١٤/ ئەگەر پێویستی کرد شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت دەتوانن زیاتر لە لیژنەیەکی خەمڵاندن پێک بهێنن بۆ ئەوەی لە کەمترین ماوەدا کارەکانیان هاوتەریب لەگەڵ لیژنەکانی پشکنین ئەنجام بدەن.

١٥/ لە کاتی بەدیکردنی هەر حاڵەتێک یان پێشهاتێک بەدەر لەو حاڵەتانەی کە لەسەرەوەدا باس کراون، وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

١٦/ پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت، کاردانەوەی یاسایی بگرنە بەر بەپێی ماددەکانی (١٩،٢٠،٢١) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) بەرامبەر بە کرێگرتەکان و لەکاتی پابەندنەبوونیان، ڕێکارەکانی کە لە ماددەکانی ئاماژەپێکراودا هاتووە، لەسەریان جێبەجێ بکرێت.

١٧/ ئەم (مەرج و ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی موڵکە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

**پاشکۆکان/**

- فۆرمی پشکنین.
- فۆرمی ڕاپۆرتی مانگانە

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

## فۆرمی تایبەت بە راپۆرتی مانگانە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی فەرمانگە: | | راپۆرتی مانگی | ٨ |

**کار و چالاکییەکانی (ناوی فەرمانگە) لە ماوەی مانگی () لە چوارچێوەی (مەرج و رێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی مولکە بەکرێدراوەکان لە وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار)**

| | |
|---|---|
| ژمارەی داواکاری پێشکەشکراو لە لایەن کرێگرتەکانەوە | |
| ژمارەی پشکنینی ئەنجامدراو لە لایەن لیژنەکانی پشکنینەوە | |

**زانیاری دەربارەی ئەو گرێبەستانەی کە گۆرانکاریان کردووە بە پێی واقع الحال:**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە بە تەواوی مەبەستیان گۆڕیوە | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە مەبەستی گرێبەستیان وەک خۆی ماوە، بەڵام مەبەستی تریان زیادکردووە | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە پێکهاتەی بینایان زیاد کردووە | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە دوو یان هەرستێک برگەی سەرەوەیان ئەنجامداوە | |

**زانیاری دەربارەی ئەو گرێبەستانەی کە داوای گۆرانکاری دەکەن:**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە داوا دەکەن بە تەواوی مەبەستی گرێبەستەکانیان بگۆڕن | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە داوا دەکەن لە پاڵ مەبەستی گرێبەست، مەبەستی تر زیاد بکەن | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە داوا دەکەن پێکهاتەی بینا زیاد بکەن | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە داوای دوو یان هەرستێک برگەی سەرەوە دەکەن | |

**زانیاری دەربارەی ئەو کرێگرتانەی کە گرێبەستەکانیان دابەش کردووە**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە لە واقع حالدا دابەشکراون بۆ بەشێک یان زیاتر و داوای مامەڵەی جیاکردنەوەیان بۆ کراوە یان فەرمانگەی خاوەن گرێبەست جیاکردنەوە دەسەپێنێت | |

**زانیاری دەربارەی ئەو کرێگرتانەی کە سەرپێچیان کردووە و پابەند نابن بەو مەرج و رێکارانە**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو کرێگرتانەی کە پابەند نابن بە مەرج و رێکارەکان | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە هەڵوەشێندراونەتەوە بە هۆی سەرپێچی و پابەند نەبوونی کرێگرتەکان بەو دەستپێشخەریانەی کە لە مەرج و رێکارەکاندا هاتووە | |

**زانیاری دەربارەی کرێی هاوتا و پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرا:**

| | |
|---|---|
| سەرجەمی ئەو گرێبەستانەی کە بەسەرچوون تاوەکو رێکەوتی دەرچوونی ئەم گشتاندنە | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە پێشتر بەسەرچوون و لەم مانگەدا خراونەتە زیادکردنی ئاشکراوە | |
| بری داهاتی زیادبوو لە پرۆسەکانی زیادکردنی ئاشکرا لە برگەی سەرەوە | |
| ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە لەو مانگەدا کرێی هاوتای ماوەی بەسەرچوونیان لێ وەرگیراوە | |
| بری کرێی هاوتای وەرگیراو لە ماوەی ئەو مانگەدا لە گرێبەستە بەسەرچووەکان | |

**زانیاری دەربارەی پاشکۆی گرێبەست لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم مەرج و رێکارانەدا ئەندجامدراون:**

| | |
|---|---|
| ژمارەی پاشکۆی گرێبەستی ئەنجامدراو لەو مانگەدا | |
| کۆی گشتی داهاتی گرێبەستەکانی سەرەوە، پێش ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەست | |
| کۆی گشتی داهاتی گرێبەستەکانی سەرەوە، پاش ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەست | |
| کەواتە بڕی داهاتی زیادبوو لەو مانگەدا دەکاتە | |

واژووی ئامادەکاران

پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی فەرمانگە

| فۆرمی پشکنینی تایبەت بە موڵکە بە کرێدراوەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی فەرمانگە: | | زنجیرەی فۆرم | |
| **یەکەم/ زانیاری تایبەت بە کرێگرتە:** | | | |
| ناوی کرێگرتە: | | ژمارەی موبایلی کرێگرتە | |
| **دووەم/ زانیاری تایبەت بە ماوەی گرێبەست:** | | | |

| ماوەی گرێبەست | | دەستپێکردن | | کۆتایی هاتن | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماوەی ماوە | | | ماوەی بەسەرچوون | | |

| **سێیەم/ زانیاری تایبەت بە مەبەستی بەکارهێنان و پێکهاتەی بینا و مۆڵەتی بینا:** | |
|---|---|
| مەبەستی بە کارهێنان بە پێی گرێبەست | |
| مەبەستی بەکارهێنان بە پێی واقع الحال | |

ئەگەر مەبەستی بەکارهێنان گۆردراوە، ئایا تەنها بۆ یەک مەبەست بەکاردێت یان زیاتر لە مەبەستێک، ئاماژەیان پێبکە:

| **چوارەم/ زانیاری تایبەت بە مولکی بەکرێدراو:** | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی زەوی: | | ناوی پرۆژە: | |

| **پێنجەم / زانیاری تایبەت بە مۆڵەتی بینا:** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئایا مۆڵەتی بینای هەیە؟ | بەڵێ | | نەخێر | |
| ئەگەر مۆڵەتی بینای نیە ، ئایا دۆخی ئێستای پێکهاتەی بینا (واقع حال) هاوشێوەی پێکهاتەی بینای نەخشەی پەسەندکراوە؟ | بەڵێ | | نەخێر | |

ئەگەر پێکهاتەی بینا زیادکراوە ، لەخوارەوە ئاماژە بەو بەشانە بکرێت کە زیادکراون و وەصفیان بکرێت، هەروەها رێژەی زیادبوونی پێکهاتەی بینا دیاری بکرێت:

**شەشەم/ گۆڕانکارییە ئەنجامدراوەکان دەستنیشان بکە**

- ☐ بە تەواوی مەبەستی گرێبەستەکەی گۆڕاوە بۆ مەبەستی نوێ
- ☐ مەبەستی گرێبەست وەک خۆی ماوە، بەڵام مەبەستی دیکەشی زیادکردووە
- ☐ پێکهاتەی بینای زیادکردووە

| **حەوتەم/ زانیاری تایبەت بە دابەشکردنی گرێبەست** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئایا کرێگرتە لە واقع حالدا ، گرێبەستەکەی بۆ دوو بەش یان زیاتر دابەش کردووە؟ | بەڵێ | | نەخێر | |

ئەگەر دابەشی کردووە باسی بکە و بە وێنە و نەخشە ڕوون بکرێتەوە:

**هەشتەم/ زانیاری تایبەت بە ڕووبەری گرێبەست:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕووبەر بە پێی گرێبەست | | ڕووبەر بە پێی پشکنین | |

ئەگەر ڕووبەری زیادەی بەکارهێنابوو، ئەم زانیاریانە بەردەست بخە:

| | |
|---|---|
| بڕی ڕووبەری زیادە | |

ئایا ڕووبەرە زیادەکە پێکهاتەی بینای لەسەر دروستکراوە: بەڵێ نەخێر

ئەگەر ڕووبەرە زیادەکە پێکهاتەی بینای لەسەر دروست نەکرابێت، ئایا دەرچە(Access)ی هەیە و دەتواندرێت جیابکرێتەوە و وەک پارچەیەک زەوی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی بە سەربەخۆ بەکرێ بدرێتەوە؟ لەخوارەوەدا ڕوونی بکەرەوە:

ئەگەر ڕووبەری زیادە پێکهاتەی بینای لەسەر دروستکرابوو، ئایا سەرجەم ڕووبەرە زیادەکە پێکهاتەی بینای لەسەرە؟ ئەگەر بەشێکی زەوی بەتاڵ بێت، ئایا دەکرێت ئەو بەشە بەتاڵە جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەی سەربەخۆ بەکرێبدرێتەوە؟ لەخوارەوەدا ڕوونی بکەرەوە:

**هەر زانیارییەکی ترکە پێویست بێت، لە خوارەوەدا باس بکە:**

پێویستە بە وێنە و نەخشە زانیارییەکانی سەرەوە بسەلمێندرێت.

**واژووی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی پشکنین:**

| ناوی تەواو | بەرپرسارییەتی لە لیژنە | ڕێکەوت | واژوو |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

**هەر ئەندامێکی لیژنە خۆپاریزی (تحفظ)ی هەبێت، دەتوانێت لەخوارەوەدا ئاماژە بە خۆپارێزی و هۆکارەکانی بکات:**